Signature Not Verified
Kurdistan Net
Digitally signed by Kurdistan Net
DN: cn=Kurdistan Net, o=www.kurdistannet.org, c=NL
Date: 2002.07.10 19:56:36 + 01'00'

# تۆ بلّێی بەرەی تورکمانی رۆژێک لەرۆژان زمانی زگماکیمان لێ قەدەغە نەکات؟

ناسح سەلیم

پرسیارێکەو نامەوێ هیچ کەسێک نێوچەوانی لۆچ بکات، پێدەچێ هێندێک وابیربکەنەوە کەمن مەبەستم لەوپرسیارە ئەوەبێت کەبەرەی تورکمانی رۆژ لە دوای رۆژ بنکەی جەماوەری فرەوان دەبێت و ئایندە لە راپەرینێکدا ئەزمونەکەمان لێ سەروژێر دەکەن ، نەخێر مەبەستم ئەوەنیە و بەولایەدا نەچوویمە.

هێندێک پێشهاتەکانیان پێ ناخوێندرێتەوە و لەو کێشە گەورەیە خۆیان دەبوێرن کە دەلێن :تورکمان نەئێستاو نەلەئایندە هیچیان پێناکرێت، هەرچی دەیکەن بابیکەن، ئەگەر بمانەوێ چارەسەر هاسانە، چەند کاتژمێرێکە و ئیتر تەواو، خۆناگرن و شتێک نامینێتەوە پێی بلّێین گرفت ، ئەوەیان سەرچاوەکەی مەنتقی هێزە کەپێچەوانەی چارەسەری زانستیانەیەو دەبێتە چاندنی تۆی رق وکینەو دروستبونی برینێک کە مێژوویەکی دوور و درێژی دەوێ هەتا سارێژ دەبێ، بەوەش هێندەی دیکە کۆمەلّگاکەمان لەچاو کۆمەلّگەی دی پاشدێخی، بۆیە پەنابردن بۆئەم ئامرازە جگە لەوەی دەبێتە قولّبونەوەی گیانی بەربەرەکانێ و دووبەرەکی لەنێوان نەژادی کوردو نەتەوەکانی دی، کە هەریەکەیان بەشێوەیەک و لەژێرسایەی رژێمێکی داگیرکەری رابردووی دوور یان نزیک لەخاکی کوردان گیرساونەتەوە ، کاریگەریەکی سلّبی بەردەوەمیشی دەبێ لە سەرکێشەی رەوای گەلی کورد.

هەندێکی دیکە لە ئێمە ئەو بۆچوونەیان لەلادا گەلالەبووە و بڕوایان وایە کەئەوانەی خۆبەتورک دەزانن بڕیتین لەئەندام و بەرپرسی میت و موخابەراتی تورکی و کارو رەفتایان هەر لە ژێر کۆنترۆلی ئەواندا بەرێوەدەچێ ، هەتا دەولەتی تورکیاش یەکێک بێت لەدەروازە سەرەکیەکانی ئەو هەرێمەو پردێک بێت بە دەرەوەمان ببەستێتەوە، هەروەها تا ئەوکاتەی رۆژئاوا تاکە زامنی مانەوەی ئەو ئەزمونە بێت، دەبێ نازی ئەوان لەسەر دەست هەلّبگرین و لەگولّ جوانتریان پێ بلّێین، هەلبەت شیکردنەوەی ئەوکێشەیە لەو روانگەیەوە یەکجار بەو شێوەیە نیە، وەکو ئاشکرایە جموجۆلی بازرگانی وایکردووە هەردوولامان وەکو یەک سودمەند بین، وەلی بەرژەوەندیە هاوبەشەکان بواری ئابوری تێپەڕاندووە و کەوتۆتە نێو هزرە نەتەوەییەکانیش .

بەگرتنەبەری چەندەها رێگەی جیاجیا ، دەولەتی تورکیا توانی خۆی بکاتە دەمڕاستی ئەوچەند کوردە تورکمانزانانە، دوای هاتنی هێزی( pmf )یش پتر خۆیان گرمۆلەکرد و وەکو حکومەتێکی بچکۆلانەی ژێرەو ژێری وابەستەی تورکیا کەوتنە چالاکی . ئەمەو بەماوەیەکی کەم و بەزەبری داهاتی دۆلاری سنوور ئەو بەرەیە پێگەکانی لەناو کوچەو کۆلانەکانی هەولێر گیرکرد. بێگومان بۆگرتنە دەستی جلەوی دەسەلات پشت بە هەلّبژاردن یان بنکەی فرەوانی جەماوەری نابەستێ، بەلکو هەموو ئاواتیان دەستێوەردانی ئەو هێزەیە کە لەدەرەوە هانایان بۆ دێنێ، ئەگەری دووەمیش ئەوەیە کە بەرەی تورکمانی لەئایندە بکرێتە کارتێکی فشار بۆ سەر دەسەلاتی دیموکراتی کوردی لەوکاتەی خۆیان دەکەنە لوبیەکی تورکی لەوشارەدا، بەو شێوەیە وادەکەن هەردەم بەرژەوەندیەکانی ئێرە لەگەلّ ئەنقەرە بەتەریبی بڕوات.

کەسانێکی دیکە هەیە، ئەو بۆشایەی کە بەرەی تروکمانی بۆ کاری نارەوا قۆزتیتەوە، بۆ ناتەبایی ودوولەتی دەسەلاتی کوردی ئەو هەرێمە و دواخستنی جێبەجێ کردنی رێکەوتنامەی واشنتۆن و هەلّە گەورەکانی یەکێتی نیشتمان و پارتی دیموکرات دەگەڕێننەوە، پێیان وایە هەرکاتێک تەبایی کەوتەوە ناومالّی کورد و سیاسەتی پاوان خوازی بەلاوەنرا، چیتر ئەو تورکمانزانانە قسەی گەورە لەقەبارەی خۆی ناکەن . بەو بۆنەیەوە ئەوەم بەبیرداهات دەلّێن (کوردو تورکمانێک گفتوگۆیان بوو ، کوردەکە چی لە پۆخلەواتی بەرەی تورکمانی دەزانی بەگۆڕیی وەرکرد، تورکمانەکەش پێی ووت،گرنگ ئێمە عاقلترین، ئێوە پارەتان هەبوو دەتانکردە گولەو بەیەکتریتان وەدەنا ، ئێمەش کە

پارەمـان هەبوو بەبڕێک ئەرزاق کـوردمـان دەکـردە تورکـمـان ..) سـەرباری ئەوانە هەمـوو بەرەی تورکـمـانـی توانیـوەتی بەردەوام سـوود لەدۆخی ناتەبایی و دووبەرەکی هەردوو هێـزی زەبەلاحی سیاسی کوردستـان وەربگرێت، ئاشکرایە ئێستـاکەش هەست دەکرێ هەردوو هێزی سیاسی کورد بەیەک چاو سەیری ئەو مەسەلەیە ناکەن.
ئەو کـێـشـەیە هێندە ئالۆزنیـە تا بۆمـاوەیەکی دوور بهـێـلدرێتـەوە و زەرەرو زیانی گـەورەی چاوەڕواننەکراوی لێبکەوێتەوە، بلێین و نەلێین ئێمە ئێـستـاکە ژیان و رەفتـارمـان لە هەمـوو رووێکەوە لەولاتانی رۆژئاوا دەچێ ، بۆیە کاریزمای چارەسەری کێشەکانیشمان بەبەکتری دەچن. هەوەسی ئاغاکانی ئەو تورکمانزانانە چی دەوێ و چۆن خزمەتیان دەکەن کێشەیەک نیە، گرینگ ئەوەیە ئەو کێشەیە بەهەڵپەسێردراوی نەمێنێتەوە و زیان و کاریگەری سلبی لەسەر رەوشی سیاسی ئەو هەرێمە نەمێنێ . دەتوانین لەو سەرژمێرانەی کە کراوە یان سەرژمێریەکی نوێ بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام بدەین و رێژەی ئەوانەی خۆیان بەتورک دادەنێن ئاشکرابکرێت و لەژێر ئەو رۆشناییە هەرچی حەق و حقـوق هەیە بیـاندرێتێ . نەوەک رێگە بە تاقـمێکی داردەسـتی حکومـەتێکی نادیموکراتی دەرەوە بدرێت، چالاکی بنوێنێت و بەرژەوەندی گشتی ئەو هەرێمە بخاتە ژێر پێ . ئەوەی ئەمڕۆکە لێـرە لەئارادایە بارێکی زۆر نارێکە. هەندێک تورکمانزان واخۆیان نیشـان دەدەن کە بەشێکن لە هاولاتی دەولەتی تورکیا ، هەمـدیس ئێرەش بە پارچەیەک لە خاکی تورکیـا دەزانن سـەبارەت بەو بۆچوونانە هەر هیندەیان پێ دەڵێین با چاوێک بە نووسینی مێژوونووسە عەرەبەکان بخشێنن ئەو کاتەی کە کوردستانیان فەتح کرد، با ئەوراستیە باش بزانن بۆ دەرمانیش باس لەتورکمانێک ناکەن کەلەو ناوچەیە ژیابن .
پێـویستـە ئەوەش بگوترێت لەلایەن حکومـەتی هەرێم چاوپۆشی لەهەڵەیەکی زۆرگـەورە دەکـرێت، بەوەی هیچ لێـپرسینەوەیەکیـان دەگەڵدا ناکـات، ئەوبارە نائاسایە وایکردوە، ئەو دەستـەگـەراییەو تاقمە هێواش هێواش بازنەی دژایەتی کردن دەهەنبەر کوردو ئەزمونەکەی فرەوانتربکەن، لەوبارەیەوە دەڵێم مـەترسیـەکی گەورە کە بەرهەمی کارو رەفتـاری خۆمانە چاوەڕوانی دانیشـتوانی ئەوهەرێمە دەکـات، کـاری سەرەکی بەرەی تورکـمـانی ئینتـمـابوونی خـەڵکی کـوردی تورکـمـانزانە بۆ دەولەتی تورکیا یان کردنە کارتێکی فشار لە هاوکێشەیەکی سیاسی ئایندە. بۆ ئەمەشیان پێوست بە بەڵگە ناکـات ئەوەتانێ کـەنالی راگـەیاندنیان و چالاکـیە هەمـە جۆرەکانیـان ئەو راسـتیـە دەسەلمێنێت. بچوکتـرین نمونە هاندانی یانەی توکیـایە لەمـۆندیالدا، بڕوام وایە قـەبارەی ئەو هاندانە لەسـەدی نۆهەدو پێچ دەگەڕێتەوە بۆ بیرۆکەی دەمارگیری نەتەوەیی ، کە بەرەی تورکمانی پەرەی پێدەدا.
هەمـوو کەسێک ئازادە لەو هەرێـمە شـانازی بەنەتەوەی خـۆی بکـات، بەڵام نەوەک بۆ بەرژەوەندی دەولەتێکی دیکە یان بۆ زەمینە خۆشکردنی دەستێوەردانی دەرەکی یان دروستکردنی پاساوێک بۆ دەسـتـێـوەردانێکی نێـودەولـەتی ناشـەرعی. واهەست دەکـەم لەوەتەی بەرەی تورکـمـانی دامـەزراوە گـرژیەک کـەوتۆتە نێـوان کـوردە تورکـمـانزان و تورکـمـانزانـەکـانی هەولـێـر. لەلایەکی دیکە ئێـمـە نەمانتـوانیوە وەکو دەسەڵاتێکی سیاسی هەڵسوکەوت بکەین ، چۆن دەبێت دامودەزگایەک بەوشێوە فـرەوانییـەو دوور لەیاسا لەناو هەناوی حکومەتدا جێی خۆی بکاتەوە، کـە لە ئەلفـەوە تاکـو یای رەفتارەکانی بۆ تێکدانی ئەو ئەزموونەیە، ئەو بڕوای بەوە نیە کە ئەوهەڵە زێرینە بەرهەمی خەباتی گـەلێکی شـەکـەت و مـاڵوێرانە، هەر ئەوانە دوێنێ خـزمـەتی سیـاسـەتی رژێمی بەغـدایان دەکـرد، ئەمرۆکەش دەورێشی سیاسەتی ئەنقەرەن.
کـەنالەکـانی راگـەیاندی ئەو تورکـیـانزانانە جگە لەرۆشنبـیـری تورک و عـەرەب چیـتـر بلاونەکـەنەوە، بەوان بێت وشـەیەکی کـوردی لەزاریان نەیەتەدەر ، گـوێچکـەیان کـەڕ بێت بەڵام وشـەیەکی کـوردی نەبیـستن . هەر لەبەر ئەوەی ئێـمـە بەرانبـەر رژێـمـێکی دکـتـاتۆری عـەرەبی دەجەنگێین و درێژە بە خەبات دەدەین، لە رقی ئێمە رۆژنامەیەکەیان لە پاڵ زمانی تورکی بە زمانی

عـەرەبیش دەردەکـەن . بۆ لە جیـاتی عـەرەبیـەکـە بەکوردی نەبێ ؟ ئەو پرسیـارە نابێ بەبێ وەڵام تێبپەڕێت ، نەتەوەیەکی بچوک لەسەر خاکێک بژی و بڵاوکراوەکەی بەزمانی نەتەوەیەکی دەرەوەی ئەو خاکە یان ئەو هەرێمە دەربکات چی دەگەێنێ؟ با تەنیا بەو زمانەی کەبەهی خۆیانی دەزانن دەریبکەن، کـەس گـلـەیی نییـە ،بەڵام لەکـاتێک کـە زمـانێکی بیـانی(بەوەی کـەلە دەرەوەی ئەو هەرێمـەیە باهەر لەچوارچێـوەی عـێـراق دابێت) دەکـرێتـە دووەم زمـانی نووسینی مـانـای چییـە؟ بەراشکاوی وەڵامی ئەم چەند پرسیـارە دەدەمەوە، دەڵێم چۆن دەوڵەتی تورکیا دان بەبوونی کوردو ڕۆشنبیری کورد لەتورکیادا نانێت، بەهەمان شێوە بەرەی تورکمانی دان بەکوردو ڕۆشنبیری کوردی نانێت، لە هەردوولادا وەکویەک وایە بەلام ئاراستەیان جیاوازە، لەتورکیا دەسەلات دان بە نەتەوەی ژێر دەست نانێت، کـەچی لەهەرێمی کـوردسـتـان کـەمـەنەتەوە دان بەدەسـەڵات نانێت. هەروەکـو دەسەڵاتی سیاسی دەوڵـەتی تورکیا دەجولێنەوە، لەدەستوری تورکیادا ئاماژە بۆ ئەوەکراوە کەجگە لەتورک و زمـانی تـورکی هیـچی دیکە وجـودی نیـیـە، ئەو هێندە خـەڵکە تورکـمـانزانەی ئێـرەش عەقلیـەتیان هەر بەو شێوەیە بیردەکاتەوە. بروام وایە ئەگەر دەسەلاتیان هەبێت قەدەغەشی دەکەن، لەیانەی وەرزشی تورکمانی بە ناراستەوخۆ قەدەغەیە بەزمانی کوردی قسان بکرێت.
بوونی هەرەشە بەهەرشێوەیەک دەچێتە ناو حیسـاباتەوە، مەرج نیە هەرەشەلێکەر ئەوەی دەیلێ بیگەینێتە جێ، هەرەشەی دەستێوەردانی سوپای تورکیا بۆ پاراستنی ئەو چەند تورکمانە تەزویرەی ئێرە جگە لەوەی مەهانەیەکی بەبێ بنەمایە، بەلام تێزێکیشـە هەرجارەک بیخـوێنیـتەوە شتێکی نوێتری لێ هەڵدەکرێنی، ئەگەر تورکیا پێی بکرێت ئێرە داگیربکات و ئەو هەموو بارەگایەی بەرەی تورکمـانی (کەلەخۆڕانیە هەرلەزیادبووندایە) دەبێتە پێگە سەرەکیەکانی و سیاسەتی سەرکوتکردن پیادە دەکەن ، زمانی زگمـاکی کوردیمان دەبێتە یاساغ کە ڕۆژێک تەنیا ئەو زمانە لە سەر ئەو خاکە قسەی پێکراوە .
دەبوو ئێستاکە ئەو خۆبەتورکمانزانانە ڕۆلێکی کاریگەر لەبارە نائاساییەکانی ئەو هەرێمە بگێرن چونکە ئاسایش و سەقامگیری ئێرە ئەرکی هەمولایەکە، کاتێک دوو حیزبی کوردی شەڕیان لە نێـوان هەڵگیرسا دەبوایە هەر لەهەوڵی ئاشتـەوایی دابن، نەوەک بە هۆی ئەرزاق چەند کـوردێک بکەنە تورکمان یان پەیوەندی لەگەڵ لایەنێکی شەڕکەر خۆش بکەن و ئیمتیـازات وەربگرن و لەگەڵ لایەنەکەی دیکەش خۆ گیف بکەنەوە. پێم وایە هەموو ئەمـانە هەڵەی مێژوویین چەند کەسانێکی تورکمـانزان چاویان بڕیوەتە دۆلار و بۆ بەرژەوەندی تەسکی خـۆیان سەرپچر کەوتونەتە گفتـوگۆ و باسکردنی بابەتێک کە لە بنەڕەتدا کێشە نیـیـە، هەربۆیە دانانی سنورێک بۆ ئەو پێشێلکاریانە ئەرکی بەپەلەی دەسەلاتی سیاسی کوردە، چونکە ئەمڕۆکە ئالای دەوڵەتی تورکیا لێرە بەرزبکرێتەوە لەئایندەش ئەگەری قەدەغەکردنی ئالای کوردستان دەکرێت..
ئەگـەر ئەو کـێـشـەیە بە شـێـوەیەکی ڕاست و دروست چارەسـەر بکەین پرس و ڕا وەرگـرتنی هیچ وڵاتێکی دەورووبەری پێناوێ، کاری دەسـەڵاتی سیاسی کوردی هاوسەنگی هەوەسی ڕژێمـەکانی دەورووبەر نیە ، کە ئەو دەسەلاتە بوونی هەیە ئەرکی گەورەشی لە ئەستۆ دایە، یەکێک لەو کێشـانە کێشەی بوونی دەسەڵاتێکی بێ بنەمای شەرعیە کە هێندێک لە تورکمانزانەکانی شاری هەولێر بۆ بەرژەوەندی تورکیا ڕۆلی تیادا دەبینن.
تەنیا دەسەڵاتی سیاسی کوردی سەرپشکە لە چارەسەرکردنی کێشەنێوەخۆیەکانی، هێشتنەوەی ئەو کێشـەیە وەکو خۆی لە پێناو توندوتۆڵکردنی پەیوەندی لە گەل وڵاتێکی دەورووبەر جگە لە گەورەتر بوونی زەرەر و زیانە نێو خۆیەکەی هیچ سـوودێکی بۆ ئەزموونەکەشـمان تێدانیە، چونکە هێندەی دیکە لە بـەر چاوی وڵاتـانی دەوروبـەر بەکــــەم و لاوازی تـەمـــــاشـــــا دەکـــــرێین.